"بەبێ جیاوازی خزمەت بەهەموو هاووڵاتیان دەکەین!!"

# مەسخەرەی هەلبژاردن

محمد غفور هۆلەندا
mgafor@yahoo.com
17کانوونی دووەم2005

لەتالەبانییەوە بگرە تابەرزانی،لەبەلێننامەی هەلبژاردنی لیستی نیستمانی دیموکراتی کوردستانییانەوە بگرە تا بەلێننامەی پارێزگاکانیان، لەڕادیۆ وتەلەفزیۆنیانەوە تارۆژنامەکانیان،ئەمرۆژانە سەرتا پا هەموو کات وتواناکانیان تەرخانکردووە بۆ تە پللێدان وگەورەکردنی ئەو ڕستەیەی سەرەوە، "بەبێ جیاوازی خزمەت بەهەموو هاووڵاتیان دەکەین!!".دوو سەری گەورە لەدیوەخانەکانیانەوە ئەم بنێشتەخۆشەیە ئەبەخشنەوە، سەرۆکی حکومەتۆچکەکانیان وئەندامە پایەبلندە حیزبی وحکومی وعەشیرەتییەکانیان لەهەردوو بەر،تادەگاتە هەر کەسێکیان دەستی قەلەم بگرێت،بەتووندی سەرقالی ژەندنی ئەم تە پلە دراوەن.ئەم هەموو "خەبات"وماندووبوون وکەفچرانەش ئەچێتە سەر مێژووی پرسەرووەری هۆزی ناسیونالیزمی کورد لە پێناوی "هێنانەدی ئاواتی لەمێژینەی گەلەکەیاندا!!". یانی گەیشتنی ئەم نەجیبزادانەی کوردایەتی بەو مەرامە خسوسی وتایبەتیانەی کەهەرچی کاری نەشیاو بووە لە پێناویدا دەستیان بۆی بردووە،واتە دەسەڵات وکورسی فەرمانڕەوایی.ئەویش ئەم ساتەوەختانە کە پێویستیان بەدەنگی هاووڵاتیان هەیە بۆ گەرمکردنی ئەو مەسخەرەیەی سازیانکردووە.دەنا هەمیشە چارەی ڕەش وچنگ ودانیان نیشانی خەلکی کوردستان داوە.نەك خۆیان بانگیان بکەن وبەلێنی درۆ دابەشکەن بەسەریاندا، تەنانەت وەڵامی داخوازییەکانیان بەگوولله ودەرکردن لەسەر کار داونەتەوە.

بەلێ،ئاخر ئەمرۆژانە جیاوازن.ئەم هەلاوزەنایە بۆ هەلبژاردن زۆر زەروورەتی پەیداکردووە،چونکە بەگوێرەی گفت وبەلێنەکانی ئەمان بێت،دەنگدان دەرفەتە وجەماوەری خەلکی کوردستان نابێت لەدەستیان بچێت!!حوکم دراوە "دوای!!" پرۆسەی مەسخەرەی هەلبژاردن "هەموو هاووڵاتیان بەبێ جیاوازی خزمەت دەکرێن!!".ولەبەرامبەر ئەم گفتەسواوانەی ناسیونالیزم وسەرۆکەکانیاندا لەئایندەیەکی نەزانراودا،ئەمڕۆ"هەر ئەمڕۆ!!" بێدواکەوتن خەلك دەبێت زۆر نا ((تەنها سێ جار دەنگبدەن!!))،جارێك بۆ پەرلەمانی عێراق،جارێك بۆ پەرلەمانی کوردستان،جارێکی دیکەش بۆ ئەنجومەنی شارەکان،ئەگەر فرسەتیش لەباربوو ئەوا چەندی کرا،بەتایبەت ئەو نیشتمانپەروەرانەی بڕوای قوولیان بەکەرکووکی بوونی کەرکوك هەیە، کوردانە خۆیان بگەیەننە هەلبژاردنەکانی ئەنجوومەنی شاری کەرکوکیش بۆئەوەی ڕێژەی کورد تیایدا زۆرتر بکەین،ولەئایندەیەکی "تردا!"بەلکو نەوتەکەی بگەڕێتەوە باخەلی سەرکردایەتی کورد وەکو برایم خلیل!!.

مەسخەرە لەمە مەسخەرەتر دەبێ چی بێت؟!کورسی وبەش وهەموو شتێك پێشتر تەواوبووە لەهەرسێ هەلبژاردنەکەدا. تەنها پەنجەمۆری هاووڵاتیانی ماوە.بۆئەوەی ئەگەر ئەم سێ پرۆسە گالتەجارە بەسەرکەتوویی بڕایەوە ئەوا ئەم عالی جەنابانە دەستووری هەمیشەیی عێراق دەنووسن،وبەگوێرەی ئەو دەستوورەش حوکمڕانی ووڵات باشتر لەسەددام وحیزبی بەعس ئەنجام دەدەن،وعەینەن وەکو ئەو ڕژێمە دەستدەکەنە خزمەتکردنی هاووڵاتیان،بەلام ئەمەیان بەرەکەتی پرۆسەی دیموکراتیە!.بەڵام هەلبژاردنی چوارەم زۆر چارەنووسسازترە.یانی هەلبژاردنی پارێزگای کەرکوك.لەبەر ئەوەی "دل وقودسی کوردستانە!"هەموو شتێکی "کورد"بەم شارەوە بەندە.ئەگەر بێتوو وەزنی کورد لەم شارە هێندە نەبێت کەبەشەریکی لەگەل براعەرەب وتورکمان وئەوانی تردا...بەشی براگەورە بەر کورد بکەوێت،یاخود کارتێکی بەهێزنەبێت بۆ گوشار بەسەر لایەنەکانی عێراقییەوە،ئەوا دەبێت کۆدی سەرەکی خولقاندنی فەرتەنە وجەنگی دوای ئەم مەسخەرەیە لەدەستی کورددا بێت!!.بەهەق وەکو چۆن لە14سالی ڕابردوودا کوردستانیان کردە بەهەشتی ناسیونالیزم وسەرۆك هۆز وتیرەکانی جاف وگۆران وکێرڤی سەرمایەکانیان چووە ئاستی شێخەکانی کەنداو...تد،ئەمجارە عێراق ئەکەنە فیردەوسی سیستانیەکان وسەدریەکان وبەعسیەکان وبنەمالەی مەلیك،وسەرۆك تائفەکان و...تد، و"بەبێ جیاوازیش هەموو هاووڵاتیان خزمەتی باش دەکرێن!!". بەلام لەیادتان نەچێت دەنگدان ئەرکێکی نیشتمانی وکوردایەتیی گەورەیە و ئەوی دەنگ نەدات،ڕەنگبێ لەکوردستان بەپەنابەریش وەرنەگیرێیت!!. سەیر لەوەدایە دوای بەپەن بوونی ئەم مەسخەرەی هەلبژاردنە ئەمریکا ولایەنگرانی

ئەیکەنە قەباعەتی تیرۆریزمی ئیسلامی.یانی بەردەوامی سیناریۆی ڕەشی ئێستا.بەڵام موقاتەعەی ئەم مەسخەرەیە ئەم تەلەکەبازییەی ناسیونالیزمی کورد وئەمریکاو هاوپەیمانەکانی پەکدەخات، وڕێگا بۆ دەخالەتی خەلك لەئوموری سیاسیاندا دەکاتەوە.هەولەکان بۆ سەربەخۆیی کوردستان شانسی سەرکەوتنیان بەهێزتر دەبێت.